پارێزگاری سلێمانی حەوت بۆیار بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن دەردەکات

د. هەڤاڵ ئەبوبەکر سەرۆکی لیژنەی ئارامیی پارێزگای سلێمانی بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، حەوت بۆیاری بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن دەرکرد و رایگەیاند، هەڵگرتنی چەك و دیاردەی چەکداریی و نمایشی سەربازیی لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا قەدەغەن.

بەگوێرەی نوسراوێکی پارێزگای سلێمانی کە واژێی د. هەڤاڵ ئەبوبەکری لەسەرە تێیدا هاتوە، لەسەر بنەمای کێبونەوەی ڕۆژی 5ی (ئاب/8)ی 2025ی لیژنەی باڵای ئارامیی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ لە پارێزگای سلێمانیدا، پەیوەست بە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی فیدراڵ، داوا لە هەمولایەك دەکەین پابەندی ئەم خاڵانە بن:

یەکەم:

پێویستە هەمولایەك پابەندی یاساو بۆیارو ڕێنمایی و ڕاساکانی کەمپینی باڵای سەربەخۆی

هەڵبژاردنەکانی عێراق و لیژنەی باڵای ئارامیی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ بن.

دوەم:

پێویستە هەمو کاندیدو قەوارە و هاوپەیمانێتییەکان و هەوادارو پشتیوانەکانیان بە شێوازێکی مەدەنیانەی دور لە توندوتیژیی و بەریەککەوتن، بە پاراستنی تەواوی ئارامیی و ئاسایش و سەقامگیریی گشتییەوە، بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بکەن.

سێیەم:

هەڵگرتنی چەك و دیاردەی چەکداریی و نمایشی سەربازیی لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا قەدەغەن.

چوارەم:

کاروان و کەژاوەی لەدوای یەك و درێژی ئۆتۆمبێل، کە ببنە مایەی تێکدانی هاتوچێی گشتیی و گرتنی ڕێگاو شەقامەکان، قەدەغەن.

پێنجەم:

داوا لە هەمولایەك دەکەین لە هەر ڕوداو و دژێکی نەخوازراودا، پەنا بۆ دادگاو بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخێی هەڵبژاردنەکانی عیراقی فیدراڵ و دامەزراوە فەرمییەکان ببەن و لە هەر ڕوبەڕوبونەوەو هەرش و تێهەکردنەوەیەکی کەسیی و کێیی، خۆیان بەدور بگرن.

شەشەم:

پابەندی تەواوی ڕێنمایی و ڕێکارەکانی سەرکایەتیی شارەوانیی سلێمانی و شارەوانیی یەکە کارگێییەکان و بەڕێوەبەرایەتی هاتوچێی پارێزگای سلێمانی و فەرمانگا پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بن.

حەوتەم:

پێویستە هەمو فەرمانگاکانی حکومەت، هاوکار بن لە فەراهەمکردنی زەمینەیەکی یاسایی هاوبەش و هاوسەنگ بۆ بەڕێوەچونی پرۆسەکە بەبێ جیاوازیی، نابێت هیچ بانگەشەیەکی هەڵبژاردن لە فەرمانگا حکومییەکاندا بکرێت و، نابێت هیچ کەلوپەل و کەرەستەیەکی ماڵیی و

دارایی و شوێنکی حکومەت بە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بەکاربهێنرێت.